# کەرکوک بۆمبێکی تەوقیتکراوە، دەبێ فتیلەکەی دەربکێشین!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

کێشەی کەرکوک، وەك هەر کێشەیەکی دیکەی سیاسی بە "بەڵگەنامەی مێژوویی" یان بە "راستیە مێژووییەکان" چارەسەر ناکریتو وەلام نادرێتەوە، لەمبارەوە کۆلێك نمونە هەن لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەرستدا، کە زیندوترین نمونە کە تا ئێستا بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە کێشەی نێوان ئیسرائیل- فەلەستینە، لەم نێوەدا ئەگەر بەپێی بەڵگەی مێژوویی بێت، پیم وابیت پارچەیەك زەوی نامێنیتەوە بۆ دەوڵەتی ئیسرائیلی ئێستا کە لەسەری بحەوێتەوە. کێشەی کەرکوك وەك تا ئێستا دەرکەوتوە بە ڕیگای "چەكو کوشتار" دیسان چارەسەر ناکرێت لەمبارەوە حکومەتی ناسیونال عەرەبی بەعس، هیچ درێغی نەکرد لە سەرکوتو ڕاگواستنو تەعریب، بەلام دیسان نە کێشەکە چارەسەر بوو، وە نە ئەمشارە برا بە بەرگی ناسیونالیزمی عەرەبدا، بەڵکو کێشەکە قوڵتر بۆتەوە... ڕیگا چارەی بزوتنەوە بورژواییەکان لە ناسیونالیزمی عەرەبو ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی هیچ کامیان واقعی نینو ڕیگا چارە نین. ناوەرۆکی ئەم کێشەیە چارەنوسی خەلکی ئەمشارەو ژیان وگوزەرانیانو رزگار بونیانە لە کایەی سیاسی نیوان بزوتنەوە بورژواییە جیاوازەکان... بە بروای من هەر سێ بزوتنەوەکە لە بەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا ئەگەرچی ڕیگاکانیان جیاوازە بەلام هەموویان هەمان ناوەرۆکیان هەیەو ئەویش بەکارهینانی ئەم کێشەیەو خەڵکی کەرکوکە وەك وەرەقەیەکی سیاسی بۆ مامەلەپیکردن بەپێی بەرژەوەندی سیاسیو ڕاگرتنی هێز هاوسەنگی نیوانیان. باسی ئێمە کێشەی خەلکی شاری کەرکوکە، وە هەر ڕیگا چارەیەك ئەگەر نەتوانیت وەلامێکی دروست بە ئارەزوو خواستی ئەم خەلکە بداتەوەو بەم پێیە کێشەکە چارەسەر بکات، ناتوانێت ڕۆلیك بگێریت لە دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامی ئەمشارەو لە دوا لیکدانەوەدا لە جیاتی چارەسی کێشەی ئەمشارە، خودی کێشەکە بەرەو قولوبنەوەی زیاتر دەبات. ئێستا کە لە کۆتایی ئەم مانگەدا وابڕیارە کە قۆناغی یەکەمی ماددەی 140 جێبەجێبکرێت. بەلام تا ئێستا لەمبارەوە هیچ نەکراوە. کەمن پیم وابیت قۆناغی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەگەر جێبەجێش بکرێت هیچ لە ناوەرۆکی کێشە ناگۆرێتو خستنەوەی چەند قەزاو ناحیەك بۆ سەر شاری کەرکوك لەراستیدا هەنگاویك نیشان نادات بۆ جێبەجیکردنی ناوەرۆکی ماددەی 140 یش. بەلام ئەم کارەش تا ئێستا مەیسەر نەبووە. سەرانی ناسیونالیزمی قەومی کورد لە ئێستا دا دەستیان کردۆتەوە بە پروپاگەندەی جۆری ئەوەی کە ئەم ماددیە خەتی سورەو جێبەجێنەکردنی خەتەرە. پیم وایە ئەم هەرەشەو خەتە سورانەی ڕابەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی جگە لە بەکارهێنانی وەرەقەیەکی سیاسی لەبەرانبەر حەریفانیاندا لەلایەكو بەرزکردنەوە دەمەزەرکردنەوەی روحی کوردایەتی هیچی دیکە نیە.

## *بزوتنەوەی کوردایەتی و ڕیگا چارەکەیان " ماددەی 140":

ناسیونالیزمی قەومی کورد لە ڕیگای هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەیەوە لە کوردستان، لە ماوەی 4 ساڵی ڕابوردودا، ڕیگا چارەی کەرکوکو خواستو ویستی خەلکی ئەمشارەو ژیانو گوزەرانیانی بەستۆتەو بە گێرانەوەی کەرکوك بۆ سەر "هەرێمی کوردستان"و ئەم سیاسەتەیان لە نێو دەستوری عێراقو لە ژێر ناوی مادەی "140"دا فۆرمۆلە کردوەو کردویانەتە یەکێك لە سەرەکیترین سیاسەتو هەلویستی ڕۆژانەیان لە پێناو فراونکردنەوەی دەسەلاتی خۆیان لە بەغداو بەهێز کردنی هەستی نەتەوەییو ڕاگرتنی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی ئێستای کوردستان لە ژێر ناوی مانەوەی خواستی سەرەکی خەلکی کوردستان.... ئەم داوایەی ناسیونالیزمی قەومی کورد لە چەند ڕووەوە بێناوەرۆکەو هیچ پەیوەندییەکی نیە بە چارەسەری ئەم کێشەیەوە، واتەی کێشەی خەلکی کەرکوك.

یەکەم: گەرانەوەی کەرکوك بۆسەر حکومەتی هەرێم: حکومەتی هەرێم تا ئێستا وەك ئەو ناوەی کە هەیەتی ئەگەر چی لە دەستوردا ناوی هاتوە، بەلام بەو پێیەی کە دەستوری عێراقو خودی دەولەت لەعێراقدا تا ئێستا یەکلانەبۆتەوە، پیم وابیت "حکومەتی هەرێم" خۆی بەم قەوارەی ئێستایەوە لە ژێر پرسیاردایە. هەر ئێستا داوایەکی گەورەیە هەیە لە لایەن ئەمەریکاو وولاتانی عەرەبیو تورکیاو ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی سوننی لە عێراقدا بۆ گۆڕینی دەستورو هەر ئێستا کە سبەینێ کۆنگرەی سەرۆکایەتی عەرەبیە لە سعودیە یەکێك لە خواستەکانیان گۆرینی ئەم دەستورەیەو پیم وابیت لەسایەی فەشەلی ئەمەریکاو فشاری ئێراندا، ناسیونالیزمی عەرەب جێگاو ڕیگایەکی بانتری پەیدا کردۆتەوەو ئەمەریکاش نەچارە کە بەدەم خواستەکانیانەوە بچێت. بەم پێیە تا ئێستا چارەنوسی ئەم دەستورە لە سایەی ململانێی هیزە سیاسیەکاندا دێتو دەچێت، کە پێناچێت بۆیان ساغ بکرێتەوە. بەلام ئەوەی کە ڕۆشنە لەسایەی سیاسەتو " گەمەی ئەمەریکا"دا جیگاو ڕیگای هەردوو حزبی دەسەلاتداری کوردستان هاتۆتە خوارەوە.

دووەم: بە فەرزی ئەوەی ئەم دەستورو دەولەتەی کە هەیە دەستور دەولەتیکی جێگیر بودو براوەتەوە "من هەرگیز پیم وانیە". بە وفەرەزە تاکو هەرێمێك یان چەند هەرێمێکی دیکە پێك نەیەت بونی هەرێمی کوردستان مانای دەستوریو یاسایی خۆی لەدەست دەداتو ناوی عێراقی فیدراڵ ( کە تەنها یەکێتیو پارتی و حزبەکانی بن دەستیان وای پێی دەلێن) هیچ مانایەکی نامێنێت. بەبروای من ئیسلامی سیاسی شیعی لە سایەی فشاریکی زۆر لە سەر ئێران لەلایەكو فشاریکی گەورە کە لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی سوننیەوە کە لەسەری خۆی دەیبینێت، بە ئیحتمالی زۆر واز لە خواستی پێکهێنانی هەرێمی باشوری عێراق بەئاسانی دەهێنێت. بەم پێیە لەباری یاساییو دەستوریەوە فیدرالیەت هیچ مانای نامێنێت، هەروەك چۆن ئێستا مانای نیە.

سێهەم: بەجیا لەو دوو تەوەرەی سەرەوە. مەسەلەی بناغەیی ئەوەیە، کەرکوك بۆ کوێ بگەرێتەوە؟! دیسان، گریمان هەرێمی کوردستان هەرێمێکی جێگیرەو هەر وا دەمێنێتەوە. لیرەدا گشت خواستی ناسیونالیزمی کورد بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەم شارە مۆرێکی کوردی لێبدرێت!. بەلام بۆ خەڵکی ئەمشارە ئەم مۆرە، ئەم شوناسنامەیە مانای عەمەلییەکەی چیە؟ بەم مۆرەوە چی دەچێتە گیرفانی خەڵکی کەرکوکەوە؟! یان چی دەچێتە گیرفانی کورد زمانەکانی کەرکوکەوە؟! هیچ شتێك. لەمبارەوە سەرنجدانیکی خیرا بۆ ژیانو گوزەرانو مافەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان لەوحەکە ڕۆشنتر دەکاتەوە. بەتاییەت لە سایەی ئەوەدا کە کوردستان بەشێکە لە عێراقو بەم پێیە ناچارە دەستورەکەی هەمان ناوەڕۆکی هەبێتو هەروەك ڕەشنوسی دەستورەکە بەڕۆشنی نیشانیداوە. واتە خەڵکی کەرکوك لەسایەی دەستورو یاسایەکی کۆنەپەرستدا پێویستە ژیان بکەنو لەمبارەوە ئالۆگۆریکی بنەرەتی لە ئارادا نیە. ئەمە بەجیا لەوەی کە ئەم ڕیگا چارەیە لە دەروازەی شەرێکی خوێناوی قەومیەیەوە مەیسەر دەبێت. ئەگەر فەرزمان وابێت، کە هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی ناسیونالیزمی قەومی کورد، لە پیناو کەرکودا شەر دەکەن! ئەمەش مانای وایە کە وەك قورصی تەلەفۆن دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ خالّی سفرو کێشەکە قولّتر بوە ئەگەر چی کەرکوك گەڕایەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لەم ڕوانگەیەوە من پیم وایە ناسیونالیزمی قەومی کوردو هەردوو حزبە دسەلاتدارەکەی، نەك هەر مەبەستیان بەرژەوەندی خەڵکی کەرکوكو کورد زمانەکانی شار ی کەرکوكو خواستی ئەوان نیە، بەڵکو ئەم کێشەیەو خەڵکی ئەمشارەیان کردۆتە بارمتەی مفاوەزاتو دیالۆگی نێوان خۆیان لە گەڵ بەغداو تورکیادا، لەپیناو بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاتر بۆ دەسەڵاتی خۆیان.

*ناسیونالیزمی قەومی عەرەبو ئیسلامی سیاسی سوننی:

ئەم دوو بزوتنەوەیە سەرەسەرای ئەوەی هەرەیەکەیان بەرنامەو سیاسەتی جیاوازی خۆیان هەیە سەبارەت بە مەسائیلەکانی ئەمڕۆی عێراق، بەلاّم لەبەرانبەر گەلێك مەسائیلی سیاسی چارەنوسسازی ئەمڕۆی عێراقدا، هاو هەلوێستن لەبەرانبەر ئیسلامی سیاسی شیعیو ناسیونالیزمی قەومی کورددا. بەتاییەت لە بەرانبەر کێشەی کەرکوکدا ئەم دوو بزوتنەوەیە یەك هەڵوێستیان هەیە، جیاوازییەکە لەوە دایە کە ناسیونالیزمی قەومی عەرەب بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆو بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە کەرکوك شاریکی عەرەبیەو عێراق وولاتیکی عەرەبیە، بەلام ئیسلامی سیاسی سوننی لەعێراقدا بە حوکمی ئەوەی بەشێکی لەدەسەلاتدایەو هەروەها بە حوکمی لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێستاو هێز هاوسەنگی هیزەکان بەم شێوە ئاشکرایە ئەم بانگەوازەی نیشان نادات بەتاییەت ئەو بەشەی کەلە دەسەلاتدایە.

بەلاّم ئەم ڕیگا چارەیە بۆ کێشەی کەرکوك تاقیکراوەتەوەو فەشەلێکی گەورەی هێناوە بەجۆریك کە بۆتە هۆی ئەوەی ئێستا ئەم کێشەی بەرەو تەقانەوەیەکی خەتەرناکی شەری قەومی بەرێت. لەمبارەوە پێویست نیە، زۆر لیکدانەوەی بۆ بکەین، تەنها ئەوەندە کافیە کە سیاسەتە قەومپەرستو دڕندانەکانی حکومەتی بەعس بهێنینەوە یاد دژ بە خەڵکی ئەمشارە، لە ڕاگواستنی زۆرە ملیّو سەرکوتو تەعریب.. بە بڕوای من ئەم دوو بزوتنەوەیە هیچ کامیان مۆری کورد بوونو ئیمزای خۆیان لە جێبەجیکردنی فعلی ماددەی 140 نادەن. ڕۆلی کۆنەپەرستی ئەم هێزانە ڕۆشنە، کە خەڵکی کەرکوكو مافە سیاسیو مەدەنیەکانیانو خۆشگوزەرانیان هیچ جێگەو ڕیگایەکی نیە. سەرنج دانێکی کورت بە سیاسەتو کارو خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی بەعس بۆ خەلکی ئەمشارە، ئەم ڕاستیە نیشان دەدات.

*ئیسلامی سیاسی شیعی:

ئەم بزوتنەوەیە سەڕەرای ئەوەی کە فشاریکی سیاسی هەمەلایەنەی لە سەرە تا ئێستا دەسەلاتداری یەکەمی عێراقەو گشت کەناڵەکانی دەسەلاتی لە عێراقدا بەدەستە جگە لەکوردستان. ئەم بزوتنەوەیە بە حوکمی ئەوەی دەیەوێت کە هیز هاوسەنگی ئێستا وەك خۆی بمێنێتەوە، واتە مانەوەی هێزەکانی خۆی لە سەر لوتکەی دەسەلاتداریتی لە عێراقدا، شەرمۆکانە لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی دەستورداو لە ئاستی ڕاگەیاندندا ئامادەیە کەرکوك بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئەم کێشەیە بۆ ئەم بزوتنەوەیەو هیزە سەرەکیەکانی مەجلیسی ئەعلاو حزبی دەعوا، وەرەقەیەکی سیاسیە گەورەیە بە کایە کردن بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە بەرانبەر ناسیونالیزمی عەرەبو ئیسلامی سیاسی سوننیدا. فشارە سیاسیەکانی سەر ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەب وەکو چەندین حکومەتی ناوچەکەو وەکو بزوتنەوەیەکەی کۆمەلایەتی لە عێراقو ناوچەکەدا، هەروەها فشاری تورکیا، ئەو کەناڵانەن کە سەرانی ئەم بزوتنەوەیە وا نیشان بدەن کە لەگەڵ ئەوەدا هەن ماددەی 140 جێبەجێبکرێتو بەم پێیە هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ هەردوو حزبی ناسیونالیزمی کورددا رابگرن لە پیناو مانەوەیان لەسەر لوتکەی دەسەلات. بەلاّم لێکهەڵپێکانی حزبەکانی ئەم بزوتنەوەیە بە بەرژوەندی سیاسی جمهوری ئیسلامی ئێرانو ناوەرۆکی سیاسیانو بەرنامە ئیسلامیەکانیان هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی کە ئەم هێزانە لە باری عەمەلیو بە فعلی ئامادەنین کە ماددەی 140 جێبەجیبکەن.

بۆئەم بزوتنەوەیەو حزبەکانی خەلکی کەرکوك ئەم کێشەیە وەرەقەی مناوەرەیەکی سیاسیە، هەر ڕۆژێك دایبنێنو واز لەو بەلێنە سەرزارەکیانە بهێنن، بۆیان زۆر ئاساییە. ناوەرۆکی سیاسی ئەم بزوتنەوەیەو کارکردی سیاسی هیزەکانیان لەماوەی 4 سالی رابوردودا بە ڕۆشنی کۆنەپەرستیو دژی ئینسانی بوونی ئەم هیزانەی نیشان داوە.

*کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ڕیگای چارەی ئێمە:

کۆمۆنیزمی کرێکاریی وەك بزوتنەوەیەكو حزبەکەی لەمبارەوە لەماوەی 4 ساڵی ڕابوردودا بێدەنگ نەبوە. سیاسەتەکانی حزب کە ناوەڕۆکەکەی جەختکردنە سەر شوناسنامەی ئینسانی ئەم شارە بوە، لەنیو چەندین کۆڕو کۆمەڵی جەماوەریو حکومەتیدا باسکراوە، لەنیو چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنو گەرەکەکانی ئەمشارەدا قسەو باسی لەسەر کراوە، کە جێگای پشتیوانەی خەلك بوە. باسی ئیمە باس بوە لە بەرژەوەندی خەڵکی ئەمشارە، باس بوە لە بەرژەوەندی خەلکی کوردزمانی ئەمشارەو ئاوارەکانیو دابینکردنی خواستەکانیان. لەم روانگەیەوە ئەصل بۆ ئێمە ئینسانو خواستو ئارەزوەکانی بوە، لە دابینکردنی ئەمنیەتو ئارمیەوە بگرە تا ڕیگرتن لە شەری قەومیو دابینکردنی فەزایەکی ئینسانی لە نیوان دانیشتوانی ئەمشارەدا، تا دەگاتە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانو لەمبارەوە کۆمیتەی کەرکوك خاوەنی چەندین دەست پێشکەری سیاسیو خزمەتگوزاری بوە. لەبرەودان بە گیانی هاوپشتیو ئینسانی بە هۆی بەلگەنامەی "هەویەتی ئینسانی شاری کەرکوکەوە"و هەروەها بۆ دابینکردنی سوتەمەنیو ڕیگاو بانو چاکردنی هێلەکانی کارەباو... لە چەندین گەرەکی ئەم شارەدا. لەم ڕیگایەوە هەوڵی داوە سیاسەتەکانی خۆی بگەیەنێتە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەمشارە.
ئێستا کە کێشەکە بەرەو قوڵ بونەوە دەڕواتو تا ئێستا لەباری عەمەلیەوە هیچ نەکراوە بۆ جێبەجیکردنی ماددەی . 140. سەرانی هەردوو حزبی دەسەلاتدار، دەستیان کردۆتەوە بە کەمپینێکی ڕاگەیاندنو هەستیان بەوە کردوە "مالکی خیانەتیان!" لیدەکات. جاریکی دیکە ئیمە بەم شێوەیە ڕیگا چارەی خۆمان ڕادەگەیەنینەوە: کێشەی کەرکوك بۆ ئیمە مانای کێشەو کۆسپی دانیشتوانەکەیەتی بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیچ شوناسنامەیەکی قەومیو ئاینیو تائیفی. لە روانگەی ئینسانیەوە کەرکوك شاری گشت دانیشتوانەکەیەتیو ئەم کێشەیە لە ڕیگای دەرکردنی خیزانە عەرەبە هاوردەکانەوە نەك چارەسەر ناکریت بەلکو قولتر دەبیتەوە. کێشەی کەرکوك تا ئەوکاتەی کە عێراق لەسایەی حکومەتێکی کۆنەپەرستی ئیسلامیو قەومیدایە تا عێراق لە سایەی داگیرکاریو سیناریۆی رەشدا دەرگیر بێت، چارەسەریکی ئینسانی بۆ دابین ناکریت. ئەمڕۆ کێشەی کەرکوك بەتوندی گڕی خواردوە بە جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتەوە لەکوردستان. ئەوکات رفراندۆم مانای واقعی خۆی پەیدا دەکات. خەلکی کەرکوك ئەوکات بەپێی ئیرادەی ئازادانەو بڕیاری سیاسی خۆیان یەکێك لەم دوو دەوڵەتە هەڵدەبژێرن. سیاسەتی ئیمە ئەوکات بەندە بەوەی کە کام یەکیك لەم دوو دەوڵەتە مافە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکانی خەلك لە فراوانترین ئاستدا دابینکردوە. ئیمە خەلکی شاری کەرکوك بەپێی ئەم پرنسیبە بانگەواز دەکەین کە دەنگ بدەن بۆ یەکێك لەو دوو دەوڵەتە.
تا ئەوکات ڕیگاو سیاسەتی ئیمە بەرگرتنە بە هەڵگیرسانی شەری قەومیو دابینکردنی ئەمنیەت لەم شارەدا، هەولدانە بۆ پیکەوە ژیانی ئاشتیانەو ئینسانیانەی نیوان خەلکی ئەمشارەو بەهیز کردنی گیانی هاوپشتی چینایەتی لەنێوانیاندا لە ڕێگای جۆاوجۆرەوە.